خراپترین وبەدترین ناو لای خوای گەورە؛ پیاوێکە ناوی خۆی نابێت (پادشای پادشاکان)، هیچ پادشایەک نییە جگە لە اللە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «خراپترین وبەدترین ناو لای خوای گەورە؛ پیاوێکە ناوی خۆی نابێت (پادشای پادشاکان)، هیچ پادشایەک نییە جگە لە اللە -خودا-». ولە گێڕانەوەیەکدا: «خراپترین وچەپەڵترین پیاو لای خوای گەورە کە زیاتر لە خەڵکی تر لێی تووڕە دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا؛ کەسێکە ناوی خۆی نابێت (پادشای پادشاکان)، هیچ پادشایەک نییە جگە لە اللە -خودا-. سوفیان دەڵێت: «وەکو شاهان شاهـ (شای شاکان)».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کە خراپترین کەس لای خوای گەورە ئەوەیە کە ناوێکی لە خۆی نابێت کە بە واتای گەورەکردن وشکۆداری وشانازی کردن دێت لە ئەوپەڕیدا، وئەم ناوە تەنها بۆ خوای گەورەی بەرز وشکۆدار دەبێت، وەکو ناوی (ملک المولک ، پادشای پادشاکان)، کە ئەم ناوە نیشانەی ڕکابەرایەتیە بەرامبەر خوای گەورە، کە خاوەنی ئەم ناوە ئەگەر بە ناڕاستەوخۆش بێت بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو ڕکابەری خودایە، پەنا بە خودا، بۆیە ئەم کەسە بەهۆی ئەم ناوەوە ڕقاویترین کەسە لای خوای گەورە وچەپەڵترین وخراپترین بوونەوەرە. پاشان پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- ئەوەی ڕوونکردنەوە کە پادشای ڕاستەقینە تەنها اللە یە چونکە مولْکی هەموو شتێک بە پادشاکانی سەرزەویشەوە هەموویان مولْکی خوای گەورەن وئەو دروستی کردوون، وهەروەها ئەم فەرموودەیە ئاموژگاریەکە بۆ ئەوانەی ناو ونازناوی هاوشێوەی ئەمە لە هەندێک کەس دەنێن؛ بە بێ ئەوەی لە هەقیقەتدا واتای ئەو ناو ونازناوانە بزانن، وهەروەها بیرهێناوەیەکە بۆیان بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لەو سەرەنجامە خراپانەی کە لەم فەرموودەیەدا باسکراوە سەبارەت بە ئەو کەسانە کە بانگەشەی ناولێنانی ئەم جۆرە ناو ونازناوانە دەکەن، خوای گەورە پەنامان بدات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5930